ISSN: 1994-4217 (Print) 2518-5586(online)
Journal of College of Education
Available online at: https://eduj.uowasit.edu.iq

**Triva Saleh Hassan**

**Saeed Sadek College of Humanities and Education**

**Email:**
trifa.hassan@univsul.edu.iq

***Keywords:***

**Culture , Social development, Children.**

CC BY

**Article info**

***Article history:***

Received 10.Sep.2025

Accepted 15.Oct.2025

Published 28.Nov.2025

# The role of culture in the social development of children

ABSTRACT

Culture is a comprehensive and intertwined subject connected to history،customs،traditions،and developments،all of which play a role in the social upbringing of the child. Parents primarily facilitate the child's social development through culture،which represents the most effective method. This research discusses the significant role of culture in this process. The study aims to analyze the function of culture in the social development of the child and to demonstrate how cultural and historical changes influence this process. The central research problem is focused on the question: "Does culture play a role in the child's social development?" The study specifically links the importance and characteristics of cultural elements and components to social development.

The research methodology was descriptive-analytical, particularly utilizing semi-structured interviews with eight (8) university lecturers from the College of Education for Human Sciences in Said Sadiq/University of Sulaimani. The questions generally focused on the importance of culture and history in the general education of children.

The findings emphasize the necessity of introducing children to culture, core values, and national and cultural foundations from an early stage through effective means such as stories, songs, and art. The study revealed that children familiar with both their own culture and external cultures possess better abilities to solve their problems. Various institutions, including the family, school, media, and others, have a key role in transmitting culture to the child, thereby actively contributing to the child's social development and establishing the foundation for a healthy and active personality. Finally, the research conclusions, suggestions, recommendations, and references are presented.

© 2025 EDUJ, College of Education for Human Science, Wasit University

**DOI:** https://doi.org/10.31185/eduj.Vol61.Iss3.5104

# دور الثقافة في التنمية الاجتماعية للأطفال

م.م. تريفا صالح حسن
كلية سعيد صادق للعلوم الإنسانية والتربية ـ أخصائية في علم الاجتماع التربوي

**مُلَخَّصُ البَحْث**

الثقافة موضوع شامل ومترابط يرتبط بالتاريخ والعادات والتقاليد والتطورات، وجميعها تلعب دورًا في التنشئة الاجتماعية للطفل. ويُعدّ الوالدان الجهة الأساسية التي تسهم في التطور الاجتماعي للطفل من خلال الثقافة، التي تمثل الوسيلة الأكثر فاعلية. تتناول هذه الدراسة الدور المهم للثقافة في هذه العملية. وتهدف إلى تحليل وظيفة الثقافة في التنمية الاجتماعية للطفل، وبيان كيفية تأثير التغيرات الثقافية والتاريخية في هذه العملية.

وتتمحور مشكلة البحث حول تساؤل رئيسي: "هل تلعب الثقافة دورًا في التطور الاجتماعي للطفل؟" كما يربط البحث بشكل خاص بين أهمية وخصائص العناصر والمكوّنات الثقافية من جهة، والتنمية الاجتماعية من جهة أخرى.و قد اعتمدت الدراسة على المنهج الوصفي– التحليلي، مستخدمةً بشكل خاص المقابلات شبه المهيكلة مع ثمانية (٨) من أساتذة الجامعة في كلية التربية للعلوم الإنسانية في سيد صادق/جامعة السليمانية. وتركزت الأسئلة عمومًا على أهمية الثقافة والتاريخ في التربية العامة للأطفال.

وتُبرز النتائج ضرورة تعريف الأطفال بالثقافة والقيم الأساسية والمقومات الوطنية والثقافية منذ المراحل الأولى، وذلك عبر وسائل فعّالة مثل القصص، والأغاني، والفنون. كما كشفت الدراسة أن الأطفال الذين يتعرفون على ثقافتهم الخاصة وعلى الثقافات الأخرى تكون لديهم قدرات أفضل على حل مشكلاتهم. وتلعب مؤسسات مختلفة، مثل الأسرة، والمدرسة، ووسائل الإعلام وغيرها، دورًا مهمًا في نقل الثقافة إلى الطفل، مما يسهم بفاعلية في تطوره الاجتماعي وبناء أساس لشخصية سليمة وفاعلة. وفي النهاية، قدّمت الدراسة الاستنتاجات والمقترحات والتوصيات والمراجع.

**الكلمات المفتاحية:** الثقافة ، التنمية الاجتماعية ، الأطفال .

# ڕۆڵی کلتور لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵدا

م.ی. تریفە صالح حسن
پسپۆڕی کۆمەڵناسی پەروەردەیی
کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکانی سەیدصادق

**پێشەکی**

کلتور یەکێکە لەو چەمکانەی کە هەڵگری کۆمەڵێ ڕەهەندی فرە لایەنە، قسەکردن لەسەر بابەتی کلتور یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکان بۆ بابەتی کۆمەڵناسی. زانستە پەیوەندیدارەکانی دیکە، کلتور هەڵگری ناسنامە و لۆژیکی تایبەت بە خۆیەتی تا بتوانێت بەردەوام بێت، کلتور چەمکێکی هێندە ئاسان نیە بەهۆی زۆر بەکارهێنانیەوە وادەردەکەوێت، چونکە لەو چەمکە چەسپاو ڕوونانە نیە کە یەک پێناسەو مەبەست لە خۆ بگرێت، بەڵکو چەمکێکی فرە لایەن و ڕەهەندە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە بە خستنە ڕووی ئامانج و مەبەستەکەمان لەسەر کلتور ئەویش بە خستنەڕووی پێناسە جیاوازەکان بۆ کلتور هەروەها ئەرکەکانی کلتور و تایبەتمەندیەکانی کلتور خراونەتە ڕوو، ئەوەی مەبەستی سەرەکیە بریتییە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە کلتورەوە لێرەدا بە هەمان شێوە چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی شیکراوەتەوە، لەگەڵ خستنەڕووی ئامرازو میکانیزمەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ئامانجەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ مەرجەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی هەروەها بەستنەوەی ئەم دوو چەمکە پێکەوە چی کاریگەرییەکیان هەیە ئەویش کاریگەری کلتورە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵدا.

**بەشی یەکەم: باسی یەکەم:**

**یەکەم :کێشەی توێژینەوەکە:**

کێشەی توێژینەوە بریتیە لە دوودڵی و نادڵنیایی سە بارەت بە دیاری کردنی کێشەیەک یان دیاردەیەک یان هەر بابەتێکی تر، یان بریتیە لە هەر پرسیارو هەڵوێستێکی ئاڵۆزو نادیار، کەدەمانەوێت زانیاری لەسەر کۆبکەینەوەو لێی تێبگەین، کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ڕۆڵی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دا. ئایا کلتور ڕۆڵی هەیە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵدا؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:**

**دەکرێت گرنگی توێژینەوەکە لە دوو ڕەهەندی سەرەکییەوە بخرێنە ڕوو:**

**یەکەم گرنگی تیۆری:**

١- ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەوەی کە هەنگاوێکی گرنگی بواری توێژینەوەی پەروەردەییە، بە ئاڕاستەیەک کە هەریەک لە کلتورو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵ لە خێزاندا کە بابەتێکی کۆمەڵناسی( ئەنترۆپۆلۆژی) دەرونی و مێژووی و کەسێتی دەخاتە ڕوو

٢- پەرەپێدان و یاسکردن لەم چەمکانە( ڕۆڵ، کلتور، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، منداڵ) لە ڕوانگەی زانستییەوە چوار چێوەیەکی تێرو تەسەل بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو دابین دەکات.

**دووەم گرنگی پراکتیکی:**

١- بۆ داڕشتنی سیاسەتی پەروەردەی دامەزراوە ڕەسمی و نارەسمییەکانی وەك ( قوتابخانە و خێزان ) گرنگە بۆ داڕشتنی پرۆگرامە پەروەردەییەکان و ڕاهێنەرە پەروەردەییەکان.

٢- بۆ هۆشیارکردنەوەی خێزان و دامەزراوە پەروەردەییەکان و ڕاگەیاندنەکان، کە سەرچاوەیەکە بۆ هۆشیارکردنەوەی لایەنە بەرپرسەکانی بواری پەروەردەیی.

**سێیەم : ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بەگشتی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا پەخت دەکەینەوە-:

١- دەرخستنی ڕۆڵی کلتور لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵدا چی کاریگەریەکی هەیە کلتور لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵ.

٢- پیشاندانی گۆڕانی کلتوری چی کاریگەریەکی هەیە لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵ.

**چوارەم: سنووری توێژینەوەکە:**

١- سنووری جوگرافی توێژینەوەکە: کە بریتییە لە سنووری توێژینەوەکە بریتییە لە قەزای سەید صادق. کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکانی سەیدصادق مامۆستایانی بەشی (مێژوو جوگرافیا).

٢- سنووری مرۆیی توێژینەوەکە: بریتین لە (٨) مامۆستا، کەوا لە توێژینەوەکەدا بەشێوەی چاوپێکەوتن و تێبینی کاریان لەگەڵکراوە.

٣- سنووری کاتی توێژینەوەکە: کاتی خایەنراو بریتی دەبێت لەو ماوەیەی کە دیاریکراوە بۆبەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە بە لایەنی تیۆری و لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە ( ٢٠٢٥/٨/١بۆ ٢٠٢٥/٩/١٥).

**باسی دووەم: پێناسەی چەمکەکان**

**پێناسەی ڕۆڵ/**

ئەوسەنتەرەیە یان ئەوپۆستەیە کەتاک دەیگرێت و ماف و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی بۆدیاری دەکات. یاخود بریتییە لەمەڵسوکەوتێکی چاوەڕوانکراو لە ئیشپێکەر یان یاری پێکەرێکی پێگەی کۆمەڵایەتی(الحسن،احسان محمد ،١٩٩٩:ص ٢٨٩)

لینتۆن ڕۆڵمان بۆپێناسە دەکات (ڕۆڵ لەکۆمەڵە کارو کردەوەیەک پێکدێت کەتاک پێی هەڵدەستێت بۆئەوەی شوێنی خۆی پێ دیاری بکات (حمزة ،مختار ،١٩٨٢:ص١٨٥)

یاخود شێوازێکی ڕێخراوە لەکۆمەڵێک پیوەر کەتایبەتمەندە بە ڕەفتاری تاک، هەڵدەستێت بە ئەرکێکی دیاریکراو لەناو کۆمەڵدا لەنمونەی ئەمە دایکە (زهران ،حامد عبدالسلام ،١٩٨٤:ص١٢٩)

پێناسەی کلتور/

زۆرێک لە زانایان پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ چەمکی کلتور کردووە گرنگترین ئەو زانایانە ئەمانەن:

پێناسەی تایلر بۆ کلتور : بریتیە لە گشتێکی ئاڵۆز لە زانست و زانیاری و هونەر و هزر و بیروباوەڕ و یاسا و دسپلین و داب و نەریت و ترادیسۆنەکان بەکورتی گشت ئەو فێربون و نەریتانەی کە مرۆڤێک وەک ئەندامێکی کۆمەڵگە وەری دەگرێت (محمد، کامەران ،٢٠٠٧:ل١٧-١٨)

کلتور بریتیە لەو شێوە ڕەفتارانەی کە پەیوەندییان بە هەڵسوکەوت و ئاکامەکانی کردەوەی مرۆییەوە هەیە و وەک میرات بەجێ دەمێنێ. واتە بەبێ کاریگەری چینە بایۆلۆجیەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە .

- فۆرد / کلتور بریتیە لە شێوازە نەریتییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان. کلتور تێکەڵاوێکە لەو وەڵامە قبوڵکراوانەی کەڕاست دەرچوون ، بەکورتی کلتور بریتیی لە ڕێگە چارە فێرکراوەکان. یەنگ / کلتور تێکەڵاوێکە لە گومانەکان، هەڵوێستەکان ئەو خوە هاوبەش و کەموزۆر یەکسانانەی کە دەخرێنە خزمەت دابینکردنی پێداویستیە لەمێژینە و هەمیشەییەکانی مرۆڤ (ئاشوری، داریوش ،بێ ساڵی چاپ:ل٣٩)

کلتور/ بریتیە لە هەموو ئەو شت و داب و نەریت و بیروباوەڕانەن کە لە نەوەکانی پێشووەوە بۆ کۆمەڵگە ماوەتەوە بەدەر لە سیفاتە ژیانییە سروشتەکان و ژینگەی سروشتی واتە پێکدێت لە سیستەم و بەهاو بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و ئاینی و فکری شێوازی ڕەفتارو لێهاتووی تەکنیکی و هونەری و شارەزایی، کەبەهۆیانەوە مرۆڤ و کۆمەڵگە کۆنترۆڵی ژینگەکەی دەکات و خۆی لەگەڵدا دەگونجێنێت و پێویستیە ژیانی و کۆمەڵایەتیەکانی دابین دەکات لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە(سليم، شاكر مصطفى ،١٩٨١:ص٢٣٠)

لینتۆن دەڵێ : بۆماوەیی کۆمەڵایەتی پێی دەوترێ کولتور، کلتور بەمانا گشتیەکەی ، سەرجەمی میراتی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتیە و بەمانا تایبەتیەکەی ڕەگێکی تایبەتی میراتی کۆمەڵایەتییە واتە کلتوری گەلێک یان نەتەوەیەک (الساعاتی،سامیة حسن ،١٩٨٣:ص٣٦) .

هەروەها لەدیاری کردنی چەمکی کەلتووردا کۆمەڵێک لەزانایان پێیان وایە کەلتوور لەلایەنی بەرجەستەکراوو واتایی بەرهەمی مرۆڤ پێکدێت، بەڵام کۆمەڵێکی تر پێیان وایە کەتەنها لەلایەنە واتاییەکە پێکدێت، ئەویش زیاتر خۆی لەداب و نەریت و بەهاو بیرو باوەڕو هونەرو ئەدەبدا دەبینێتەوە،(فرانسیس میرل) ئاماژە دەدات بەوەی کەبەهیچ شێوەیەک ناتوانین سەیری لایەنە بەرجەستەو واتاییەکەی کەلتوور بەجیا لەیەکتر بکەین، چونکە هەردوو لایەنەکە ئاماژەن بۆ دووئاست و دووشێوازی لەیەکتر جیانەکراوە و تەواوکەری یەکتر. ( عثمان، ابراهيم ،١٩٩٩:ص ١٥٦-١٥٧)

لەکاتێکدا بیریاری بەناوبانگی فەرەنسی(دۆرکهایم)پێی وایە کەکەلتوور لەشێوازی بیرکردنەوەو هەست و ڕەفتار پێکدێت( دوفرجية،موريس ،٢٠٠١:ص٧٩)

(کلاید کلاکهون) یش پێناسەی کەلتووردەکات بەوەی کەڕێگای بیرکردنەوە و هەست و بڕواو بەرهەمی کۆمەڵێک زانیاری کۆکراوەیە لەبیری مرۆڤدا و لەهەمان کاتدا پەیوەستە بەبەرهەمی مادی و ڕەفتارە ئاشکراو دیارەکان و ڕووداوە ڕەمزییەکانەوە بەڵام (رادکلیف براون) پێی وایە کە کلتوور زاراوەیەکی گشتی و بەرفراوانە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیە بۆ ئاستێکی دیاریکراو لەڕەفتار و بەها دیاریکراوەکان کە کۆمەڵێک لەکۆمەڵەکان یان کۆمەڵگایەک لەکۆمەڵگاکانی لەوانیتر پێ جیادەکرێتەوە (محمد عبدالعبود مرسی ،١٩٨٩:ص٦٨-٦٩)

پێناسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی /مرۆڤ لەگەڵ شتێکی جگە ڕەنگدانەوە سادەکان و حەزەکانی ژیان و توانایەکی تایبەت پێ ناخاتە سەر ئەم زەویە کۆمەڵگا تاکەکەس دەگۆڕێت بۆ مرۆڤ، بە مانای دەستخستنی تایبەتمەندیەکانی وەکو زمان ، خودێتی و زەین و کۆمەڵگاش بەهۆی ئەو ڕێساو و هزرانەی کەوەک پێوەرەکانی کۆنترۆڵ بەسەر خۆدا دەیسەپێنێت، مرۆڤ بە کۆمەڵایەتی دەکات کۆمەڵگا لە دروستکردنی ئەم تایبەتمەندیە مرۆییە و لە بە کۆمەڵایەتیکردنی ئەو ڕێساو هزرانەی لە ناخی تاکدا دەڕوێن، یەکەمین دەسەڵاتی خۆی بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێت واتە لەسەر بیرکردنەوە کاریگەری دادەنێت (شارون،جويل ،٢٠١٠:لا ٢٢١).

چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی وەک چەمکێکی زانستی لە بەکارهێنانی کۆمەڵناسیدا، چەمکێکی تارادەیەک نوێیە، دەتوانین لەمبارەیەوە ئەمیل دۆرکهایم بە پێشڕەوی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دابنێین کاتێ پێی وابوو کۆمەڵگە لە ڕێگای پەروەردەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەو تاکانەی کەلێی پێکهاتوون کە کۆمەڵێک پێوەری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریین دەبنە هاوکاری یەکتری لە نێوان ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەدا(سديق، فوئاد ،٢٠١٥:لا٤٣-٤٤)

- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی: پرۆسەیەکی دەرونی و کۆمەڵایەتییە کە بریتیە لە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەکردنی تاک، کەبەهۆیەوە تاک فێری بەهاو داب و نەریت و زمان و بیروباوەڕو توخمەکانی تری کۆمەڵگەکەی دەبێت تاک لە بونەوەرێکە بایۆلۆجیەوە بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و کلتوری، چونکە بەکۆمەڵایەتی بوون بنەمایەکی سەرەکیە بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری تاک، بۆ ئەوەی مرۆڤ بگونجێت لەگەڵ بەهاو پێوەرەکانی ناو کۆمەڵگەدا(ابو خليل،فاديا ،٢٠١٤: ص٧٥).

**پێناسەی منداڵ**

هەموو کەسایەتیەک دەگرێتەوە کەتەمەنی لە(١٨) ساڵ کەمتربێت، بەمەرجێک نەگەیشتبێتە تەمەنی باڵغ بوون(راپۆرتی ڕێکخراوی یونسێف،١٩٩٩:لا٩)

ئەو جیهانە پاک وبێگەردەو فراوانەیە کەچەندین گۆڕانکاری خێراویەک لەدوای یەک ولەهەمانکاتدا ئاڵۆزو تێکهەڵکێش دەگرێتەخۆی وچەندین لاپەڕەی شاراوە لەودیو سنورەکانی جەستەیەوە هێشتا لەبەرچاو ونن وپەیبان پێنەبراوە( داود،سالیمة وسهام شوكت،١٩٨٦:ص٦) سەردەمی منداڵێتی لە لەدایک بوونەوە دەست پێدەکات تابالّغ بوون، لەم قۆناغەدا تاک لاوازو بێدەسەڵاتە لەژیاندا، منداڵ بەشێوەیەکە تەواو پشت دەبەستێت بەدایک وباوکی بۆبەدەستهێنانی سەرجەم پێداویستی یە بنەڕەتی وسروشتی ودەرونییەکان. (قادر،محمود عبدالكريم ،٢٠٠٥:لا١٢٩)

باسی سێهەم : یەکەم / توخم و ڕەگەزە جیهانیەکانی کلتور بە بۆچونی (کلارک ویسلر)

١- زمان وهونەر ( پەیکەر تاشی ، مۆسیقا ، وێنە، شعرو گۆرانی ئەدەبیات، ئەفسانەو مەعریفەی زانستی.

٢- خێزان و سیستەمی کۆمەڵایەتی کە خێزان و جۆرەکانی سیستەمی خزمایەتی و سیستەمی ڕیزبەندی خزمایەتی ، میرات ، هاوسەرگیری ، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.

٣- ڕەگەزە مادیەکانی کلتور کە ئەمانیش خۆی لە نەریت و شێوازی نانخواردن ،شوێنی مانەوە و خانوەکان، هۆکاری گواستنەوەو گەشت ، جلوبەرگ ،ئامێرو ئامرازەکان ، پیشەو پیشە سازیەکان ، چەک.

٤- یاری ، جۆری ئەو یاریانەی کە خەڵکی سەرقاڵن پێوەی.

٥- فۆڕمەکانی سروت ، سروتی ئاینی ، سروتی نەخۆشی و ڕێو ڕەسمی ئاهەنگ و سروتی مردن پرسە.

٦- حکومەتداری و شێوازی فەرمانڕەوایکردن ، ڕێکارە دادوەری و یاساییەکان ، جەنگ و هۆکارو ئامرازەکانی شەڕ.

٧- خاوەندارێتی ئەمەش خاوەندارێتی خانوو شتەگواستراوەکان دەگرێتەوە.( وصفی،عاطف ،بدون سنە:ص٩٣-٩٤)

**دووەم : ئەرکەکانی کلتور**

١- ئەرکە تایبەتەکان کەبە (( ئەخلاقی مرۆڤ )) ناوبراون کلتور ئەوە دیاری دەکات کە پێویستە خێزان چ پێکهاتەیەکی هەبێت .

٢- کلتور هەنێ دیسپلین بەدیدەهێنێت لە پێناو بە کۆمەڵایەتی کردن و چاودێری منداڵان.

٣- کلتور دروستکەری سیستەمی پەروەردەو فێرکردنە.

٤- کلتور چاودێری کۆمەڵایەتییە لەسەر تاکەکان و ژیانی خێزانی ڕێکدەخات.

٥- کلتور بەدیهێنەری بەهاکانە بۆ ئەوەی منداڵ ڕاستی لە هەڵە جیابکاتەوە .

٦- کلتور لە نەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی تر حاڵەتێکی کەڵە بووی هەیە. (موحسینی،مەنوچەهر.٢٠٠٢:ل١٠٤)

**سێهەم : تایبەتمەندیەکانی کلتور**

١- کلتور دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە:

کلتور دیاردەیەکە تایبەتە بەمرۆڤ چونکە بەرهەمێکی عەقڵانیە، ئەنجامی کۆی گەشەسەندنی قۆناغە ژیاریەکانی وەک قۆناغی شوانکاری بۆ قۆناغی کشتوکاڵی پاشان بۆ قۆناغی پیشەسازی، ئەم کلتورە مرۆڤ دروستی کردوە تەنها لە ڕێگەی مرۆڤەوە دەگوازرێتەوە، مرۆڤ لەگەڵ بونەوەرەکانی دیکە لەڕێگەی عەقڵەوە جیا دەکرێنەوە .(زێباری، شوانی،٢٠١٣: ل١٣١)

٢- بەدەستهێنراوە: کلتور بۆ مرۆڤ بۆ ماوە نییە، وەک ڕەنگی چاو یان پێست، بەڵکو بە شێوەیەکی مەبەستدار بەدەستی دەهێنێت ( بەڕێگەی فێربوون) لەڕێگەی خێزان ئەو کەسانەی کە تێکەڵیان دەبێت.

٣- گواستنەوە:کلتور کەلەپورێکی کۆمەڵایەتییە کە تاک فێری دەبێت و بەرجەستەی دەکات، بەیارمەتی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر لە ڕێگەی فێرکردن و ڕاهێنانەوە.

٤- کەڵەکەبوو:واتە بەپێی سەردەم کلتور سروشتێکی مێژوویی کەڵەکەبووی هەیە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە بە جۆرێک نەوەی نوێ لەو خاڵەوە دەست پێدەکاتەوە کەنەوەی کۆن کۆتاییان پێهێناوە، ئەمەش یارمەتی دەرکەوتنی سیستەم و چەشنی کلتوری نوێ دەدات.

٥- تەواوکاری:کلتور سروشتێکی تەواوکاری هەیە، لێکدراوە لە چەندین ڕەگەز و خەسڵەتی ماددی و هزری پێکدێت، کە پێکەوە کۆبونەتەوە و شێوازەکانی کلتور پێکەوە بەستراوو تەواوکەرن. کلاکهۆن دەڵێت ( شێوازی ژیانی هەر گروپێک گوزارشتە لە بونیادی گروپەکە نەک بەتەنیا کۆمەڵێک بیروباوەڕو ڕەفتاری هەڕەمەکی. کلتور سیستەمێکە بەشەکانی لەنێو خۆیاندا پشت بەیەکتر دەبەستن)

٦- زۆرێک لە زانایان پێیان وایە دیاردە کلتوریەکان وەک دیاردە کۆمەڵایەتیەکانن، واتە پێویستە وەک (شتەکان) تەماشایان بکرێت کە بونێکی سەربەخۆن و بەچەند تاکێکی دیاریکراوەوە پەیوەست نین، کلتور لەژێر ڕکێفی یاسا کۆمەڵایەتیەکاندایە. (خزاعة،عبدالعزیز علي و ئەوانی تر،٢٠١٨:ل١٤٧-١٤٩) .

٧- کلتور ئامرازێکە بۆ گونجانی تاک لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا:
مەبەست لە گونجاندن هەوڵێکە بۆ بەکارهێنانی تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بۆ گونجان لەگەڵ ژینگەی سروشتی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی بە شێوەی مانەوەو بەردەوام بوونی مرۆڤ.( جابر ،سامیة محمد ،١٩٩١:ص٢٠٩)

**چوارەم : سیماکانی کلتور**

تاکە مرۆییەکان کلتوریان هەیە ئەم تایبەتمەندیە خەسڵەتی جیاکەرەوەی مرۆڤە لە بونەوەرەکانی دیکە ،کلتور لە عەقڵ و هزری بونەوەری مرۆیدایە بەشێکی گەورەی وابەستەیە بە پێشینان و بەردەوام بۆ نەوەکان دەگوازرێتەوە ،گۆڕانی کلتوری بەدیدەکرێت ، هەموو کلتورەکان بەردەوام دەگۆڕێن، ئەگەر مرۆڤەکان حەزی پێداگری و بەرەنگاربونەوەشیان هەبێت بەرامبەر گۆڕانکاریەکان، بەم پێیە کلتور چالاکە و لە گەشەسەندندایە، لە هەمانکاتدا کلتور تایبەتە بە کات و شوێنی تایبەتەوە بۆیە دەکرێ جۆراو جۆربن، بۆیە لە جیهاندا کلتوری جۆراو جۆر هەن، هەموو کلتورێک خاوەنی بونیادی خۆیەتی شێوەو مۆدێلی تایبەت بە خۆی هەیە، لە هەندێ لە کلتورەکاندا گۆڕانکاریەکان هێندە لەسەر خۆن کە ئەو کلتورە بە وەستاو دێتە بەرچاو. هەموو کلتورەکان زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە، زمان هۆکارێکی سەرەکیە بۆ گواستنەوەی کلتور و چەسپاندنی لەنەوەیەک بۆ نەوەیەکی دیکە، کلتورەکان وەک یەک کارناکەنە سەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە جیاوازیە تاکە کەسیەکان دەبنە هۆی ئەوەی لە کلتورە لێکچووەکاندا جیاوازی ڕەفتاری دروست بێت. دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت چەمکی کلتور لە حکومدان لەبارەی باش و خراپی جیابکرێتەوە، پرەنسیپ و یاساکانی و بنەماکانی هەر کلتورێک بۆ ئەندامەکانی ئەو کلتورە باشن چونکە لەگەڵ پێداویستی و داواکاریەکانی خەڵکەکەیدا دەگونجێن، هەروەها دەکرێن کۆمەڵگایەک لەڕووی کلتوری مادییەوە دواکەوتوو یان پێشکەوتوو بێت بەڵام لە ڕووی مەعنەویەوە ناتوانین بڕیارێکی لەو شێوەیە بدەین. (سازگارا ،پەروین ،٢٠٠٣،ل١٠٦-١٠٨)

**بەشی دووەم / باسی یەکەم : پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:**

لەڕاستیدا پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی درێژخایەن وبەردەوامە هەموو ژیانی تاک دەگرێتەوە لەناو کۆمەڵگادا، بەڵام بەگوێرەی گۆڕانی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ دەگۆڕیت لە( منداڵی-هەرزەکاری-لاوی -پیری) بەگوێرەی ئەو کۆمەڵانەش دەگۆڕێت کەتاک پەنایان بۆ دەبات بەمەبەستی تێرکردنی پێداویستی یەکانی، چونکە پاڵنەروو ئارەزوەکانی مرۆڤ زۆرن ولە گۆڕانی بەردەوامدان و وەبەتەنها ناتوانێ ئەو پێداویستیان پڕبکاتەوە بۆیە تاک ناچاردەبێت لەژیانیدا پەنا بباتە بەر چەندین کۆمەڵی جیاجیا، وەئەم پرۆسەیە یارمەتی تاک دەدات تاوەکو کەسایەتیەکی تایبەت وەدەست بێنیت(کۆهین،بروس ،٢٠١٠: ل ٧٠)

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە کەمرۆڤەکان لەڕێگەیەوە شێوەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەیان فێردەبن، وە لەم پرۆسەیەدا کەسایەتیەک وەدەست دەخەن وئامادە دەبن یۆکارابون وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا (موحسنی مەنوچوهر،٢٠٠٢:ل١٣١) پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە لەدایک بونی منداڵەوە دەست پێدەکات دوای چەند ساڵێک لەڕێگەی تێکەڵاوبون وکارلێک وپەیوەندیەوە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی وکۆمەڵگەکەی چەند پەیامی جیاواز فێردەبێت ولەناو کۆمەڵدا شوێنێک داگیردەکات(ئەلعولمة،حابس -ئامین مزاهیر،٢٠٠٩:ل٢٦٨)

**ڕای چەند زانایەکی کۆمەڵناسی سەبارەت بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی-:**

(ارسۆنز) پێناسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەکات بەوەی کەپرۆسەیەکی فێربونەو پشت دەبەستێ بە فێرکردن ولاسایکردنەوە ، یەکگرتنان لەگەڵ لەگەڵ ڕەوتەکانی ژیری وهاوسۆزیە ئاکاریەکان لای منداڵ وتازە پێگەیشتوان ئەویش ئامانجی تێکەڵاوبونی توخمە کلتوریەکانە لەسیستمی کەسایەتیدا(ئەحمەد، تەلار ،٢٠٠٩:ل٥٣) ئەنتۆنی گیدنز پێی وایە

کەپرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کەبەهۆیەوە منداڵ وتاکەکان لەناو کۆمەڵگەدا فێری شێوازەکانی ژیان دەبن وبەناوەندی یەکەمی گواستنەوەی رۆشنبیری کۆمەڵگا دادەنرێت بۆ نەوەکانی داهاتوو(عباس،ژیا ،٢٠٠٨:لا٦٦)

**باسی دووەم : ئامرازو میکانیزمەکانی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی-:**

بونیادی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەک پێشکەوتو بێت یاخود دواکەوتوو، کراوەبێت یاخود داخراو، شارنشین بێت یاخود گوند نشین، لە ئەنجامی کۆبونەوەی کۆمەڵێک دامەزراوەوە پێک دێت، کەپەیوەست وبەیەکەوە بەستراون بەیەکەوە سەرەرای جیاوازی لە ئەرک وفەرمانەکانیان، دواجار ئەم دامەزراوانە وەک جەستەیەکی زیندوو هەریەک تەواوکەری کاری ئەوی ترە وەکو زنجیرەیەکی بەیەکەوەبەستراو، ئەگەر پەیوەندی نێوان دوانیان تێک بچێت دەبێت هۆی تێچون وروخان ولەناوچونی بونیادی کۆمەڵایەتی و سەرلێشێوانی کۆمەڵگاو ئەندامانی کۆمەڵگا.( سدیق، فوئاد ،٢٠١٥:لا٥٠)

**گرنگترین ئەو دامەزراوانەش:**

**یەکەم/ خێزان:-** خێزان بەردی بناغەی دروستبونی کۆمەڵگەیە، هۆکاری سەرەکی مانەوەو رێکخسنی کۆمەڵگەیە وەتەندروستی کۆمەڵگا بەندە بە تەندروستی خێزانەوە ، خێزان لە گرنگترین هۆکارەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵە بۆ رۆشنبیرکردنی. ئۆگست کۆنت پێی وایە : خێزان یەکەمین شانەیە لە جەستەی کۆمەڵگا ، واتە یەکەم خاڵی دەستپێکردنی پێشکەوتنە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خێزان بناغەی بینای کۆمەڵگایە ، باشکردنی خێزان دەبێتە هۆی باشکردنی هەموو کۆمەڵگا. خێزان یەکێکە لە دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ولە هەموو دامەزراوەکانی تر گرنگترو کاریگەر ترە لەژیانی تاکدا بەو پێیەی کەسەرەتای دروستبونی تاک وهاتنە ژیانی لەناو خێزاندایە بۆیە کاریگەری زۆر درێژخایەن وبەردەوامی هەیە لەسەر تاک بە درێژایی قۆناغەکانی تەمەن. (خلیل ،معن ،٢٠٠٧:لا١٢٣)

خێزان هەڵدەستێ بە تێرکردن وفێرکردن وچاودێری کردنی تواناو لێهاتوی تاک و وابەستەکردنی منداڵ بەچوار چێوە گشتی یە کلتوریەکەوە کەئەم لەپێناو ئامادەکردنی منداڵ لە رووی تەندروستی وجەستەی وکۆمەڵایەتیەوە بۆئەوەی ببێتە ئەندامێکی کۆمەڵگا گشتی یەکە کەئەمەش لەپێناو بە مرۆڤ کردنی ئەم بونەوەرەو دروستکردنی سیفاتە مرۆیەکانە لە بونەوەرە بایەلۆجیەدا. (عباس،ژیا ،٢٠٠٨:لا٥٤)

**دووەم/ خوێندنگا:** خوێندنگا دادەنرێت بەیەکێک لە دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کەکارەکەی تەواوکەری کاری خێزانە لە پێگەیاندنی تاک وپەروەردەو فێرکردنیدا، جگەلەوەی کەدادەنرێ بە ژینگەی دووەم کەدوای خێزان تاک زۆرترین کاتەکانی تەمەنی تیادا بەسەر دەبات، کەرۆڵی باڵا دەبینێت لە فێرکردن وئامۆژگاری کردنی تاک وئاراستەکردنی بەرەو پێگەیاندنی راست ودروستی کەسێتی .

لەلایەکی ترەوە قوتابخانە هەڵدەستێ بە فراوانکردنی سنوری پەیوەندییەکانی تاک وکارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا وتاک لەسەر فێربونی کلتورە نیشتیمانیەکان پەروەردە دەکات وهانیان دەدەن بۆ فێربونی مێژووی کۆمەڵگاکەیان وکەلەپورە هزری یەکان وجلوبەرگە میللیەکان وشارەزابونی نەخشەی وڵاتەکەیان ودروشمی دەوڵەتەکەیان .

**سێ یەم/ راگەیاندن:-** راگەیاندن بریتی یە لەبڵاوکردنەوەی راستی و زانیاریە وردوراستەکان بەمەبەستی رۆشنکردنەوەی هزری خەڵکی ودروستکردنی بروا لای ئەو خەڵکانە .(خلیل ،معن ،٢٠٠٧:لا١٢٣-١٢٦)

زۆربەی زانایان باس لەکاریگەری راگەیاندن دەکەن لەسەر تاک کەبە داگیرکردنێکی رۆشنبیری دادەنرێ کەدەبێتە هۆی ئیفلیج کردنی هەندێ هەوڵ وتوانای بیرکرنەوە هیچ کارلێکیکی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا نیە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەهۆیەکانی راگەیاندن نامرۆین وبۆیە تاک لەم پرۆسەیەدا تەنها وەرگرە. (ناصر ،ابراهیم ،١٩٦٦:ص١٢٠)

**باسی سێهەم : ئامانجەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:**

١- ڕاهێنانی بنەڕەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکان/

لە ڕێگەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە مناڵ لە خێزانەکەیەوە زمان و داب ونەریتی باوی ناوکۆمەڵگاکەی وەردەگرێت ، هەروەها ئەو واتایانەشی پەیوەستن بە شێوازەکانی تێرکردنی ئارەزووەکانی و پێداویستیە سروشتی و کۆمەڵایەتی و دەرونیەکانی ، هەروەک چۆن تونای مەزەندەی وەڵامدانەوەی بێجگە لەخۆی بەرامبەر بە ڕەفتارو ئاڕاستەکانی دەکات(مؤمن ،عادل حمە عارف ،٢٠١١:ل٥٨)

٢- فێربونی ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان:

بە بڕوای ڕادکلیف براون ڕۆڵ پێگەی تاکە لەناو بونیادی کۆمەڵایەتیداو بەرپرسە لە دەستنیشانکردنی ئەرک و مافەکانی تاکەکەس لە نێوەندەدا(A.R Radcliffe Brown,1952:p36) لە گرنگیەکانی ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان یارمەتی ئەندامانی ناو کۆمەڵگە دەدات بۆ بەشداریکردنی تاکەکان لە بەردەوامی دان بە بەهاو نۆرم و کلتوری خۆیان لە پێگەکەی خۆیاندا. (نفیدسة،فاطمة ،٢٠٠٧:ص ٦٢-٦٣) ئەو ڕۆڵانەی کە منداڵ لە خێزان وەری دەگرێت فرەچەشن و جۆراو جۆرن بەپێی گەشەی منداڵ پەرە دەسێنێت و زیاتر دەبن لایەنی جۆراوجۆر بەخۆوەدەگرن ، لە ئاکامدا منداڵ دەبێت هاوتەریب بێت لەگەڵ تەمەنیدا و گەشەکردنیدا وە خێزان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێگەیاندنی نەوەیەکی بەتواناو بەسوددا. دۆرکهایم دەڵێ تا پابەندبوون بە ئەرکەکان(ڕۆڵەکان) تا کەمتر پشت بە ترسان لەو سزایانە ببەستێ کە لە کاتی پێشێلکردنیاندا پەیرەو دەکرێن ، ئەوە تاکەکان لە زۆربەی کاتدا شەرعیەتی ئەرکەکان و ڕۆڵەکان پەسەند ئەکەن ، لەبەر ئەوەی هەست بە سروشتە زۆرەملێیەکە ناکەن (وسووقی ،مەنسور و علی ئەکبەر ،٢٠١٣:ل١٢٢)

٣- بوونی کارێکی ڕێکخراوی ڕێکوپێک:بەدەستهێنانی ڕێگەکانی مامەڵە و کارلێک لەگەڵ کەسانی تردا لە سنوری کۆمەڵگەو ڕۆشنبیریەکەی و پێدانی ڕێکخستنی پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان ، ئەوانەی کە بڕیاردەدەن بەسەر ڕەفتاردا و کۆنترۆڵ و ئاڕاستەی دەکەن لە نێوان تاک و ئەندامانی کۆمەڵەکەیدا.( ابو جادو، صالح محمد علی ،٢٠٠٢:ص١٩)

**بەشی سێهەم : باسی یەکەم / مەرجەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:**

**هەر دوو زانا ( ئەلکین و هاندڵ ) بەپێویستی دەزانن بونی ئەم سێ مەرجە وەک بنەمایەک بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە ئەمانەن:**

١- بونی کۆمەڵگایەک خاوەن بەهاو کلتورو ڕێسای تایبەت بێت.

٢- بۆماوەیی و بایۆلۆژی: کۆمەڵێ بەهاو تایبەتمەندی دەگرێتەوە کە منداڵ بە بۆماوەیی لە دایک و باوکی بۆی دەگوازرێتەوە لە ڕێگەی (جینات) واتە منداڵ دەبێت لەڕووی عەقڵیەوە ئامادە بێت بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

٣- سروشتی مرۆڤ : جگە لە هەموو ڕوح لەبەرەکانی دیکە ، مرۆڤ تایبەتمەندی خۆی هەیە ئەم تایبەتمەندیەش وا لە مرۆڤ دەکات پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست بکات و لەناو کۆمەڵگەوە گەشە بکات .

**باسی دووەم : قۆناغەکانی گەشەی منداڵ:**

گرنگە کە باس لە قۆناغەکانی گەشەی منداڵ بکەین چونکە بەپێی ئەوە کلتورو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت .گەشەکردنی منداڵ بریتی یە لەو گۆڕان وبەرەوپێشچونانەی کە بەسەر منداڵ دا دێت لە هەموو ڕویەکی فیسیۆلۆجی،هەڵچونی،کۆمەڵایەتی ودروست بونی کەسایەتیەوە (ژاژڵەیی ،،١٩٨٤:ل٩١) گەشەکردن لەڕوی دەرونی وجەستەی وکۆمەڵایەتیەوە کاریگەرە بەکۆمەڵێک هۆکار لەوانە :بۆماوە، پێکهاتەی ئەندامی وەکو ڕژێنەکان وەخواردن وژینگەی کۆمەڵایەتی ،بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گەشەکردن خۆی لە دوو دەبینێتەوە کەبریتیە لە( بۆماوە-ژینگە). (کەلهوڕ ،نەوزاد ٢٠١٠:ل١٦) سەبارەت بەدیاری کردنی قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ ڕاوبۆچونی جیاواز هەیە هەر زاناو

قوتابخانەیەک لەڕوانگەی خۆیەوە ئەو قۆناغانە دیاری دەکات، بەڵام ئێمە بەباشمان زانی بەم شێوەیەی لای خوارەوە دابەشی بکەین ،کەدابەش دەبێت بەسەر چەند قۆناغێکی یەک لەدوای یەکدا-:

١- قۆناغی پیتاندن وسکی دایک تاوەکو لەدایک بوون.

٢- قۆناغی شیرەخۆری(لە لەدایک بونەوە دەست پێدەکات تاوەکو ٢ ساڵی).

٣- قۆناغی دایانی کەلە( ٢)ساڵییەوە دەست پێدەکات تاوەکو (٥)ساڵی.

٤- قۆناغی ساوایی لە٥-٧ ساڵی.

٥- قۆناغی دوا منداڵی لە ٧-١٢ ساڵی.

٦- قۆناغی هەرزەکاری لە ١٢-١٨ ساڵی . .(ژاژڵەیی ،،١٩٨٤:ل٩٧) .

٧ - قۆناغی پێنجەم کە لە (١٨) بە دواوەیە کە مرۆڤ هەوڵدەدات کەسانی دەوروبەری لە خۆی ڕازی بکات وە بەپێچەوانەشەوە (ژاژڵەیی،١٩٨٣:ل٢٧-٢٨) .

سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵ کەلەدایک دەبێت بونەوەرێکی بایەلۆجییە بەڵام بەهۆی کۆمەڵێک لە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانەوە وەک(خێزان-قوتابخانە-هاوڕێیان-دامەزراوە ئاینی یەکان،....) دەبێتە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی وپێدەگات .

وە (فرۆید ) ڕای وایە پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ زۆر گرنگە وهەستیارە بۆ پێکهاتەی کەسایەتی دوا ڕۆژی منداڵ، واتە ئەم ماوەیە بە گرنگترین ماوەی دروست بون وگەشەکردنی کەسێتی منداڵ دادەنرێ. (کەلهوڕ نەوزاد ،٢٠١٠:ل٢٣)

چەند تیۆرێک هەن کەباس لە گەشەی کۆمەڵایەتی دەکەن بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها تیۆری فێربونی کۆمەڵایەتی وەردەگرین، بەپێی پرانسیپەکانی ئەم تیۆرە منداڵ لەڕێگەی سەرنج دان ولاسایی کردنەوەی ڕەوشت وخاسیەت وهەڵسوکەوتەکانی کەسانی ترەوە بەردەوام گەشە دەکات،هەمیشە منداڵ هەڵسوکەوتی کەسانی دەوروبەری دوبارە دەکاتەوە ، هەوڵدەدات وەک گەورەکان بجوڵێتەوە و وەک ئەوان هەڵسوکوت بکات،بەڕای زانایانی ئەم ڕێبازە منداڵ هەر لەدوای لەدایکبونیەوە حەزوو ئارەزوی لاسایی کردنەوەی کەسانی تری هەیە . دەیڤد ڕەیزمان دەربارەی نموونە کلتوریەکان ئەو باس لەوە دەکات کە پرۆسەی وەرگرتنی نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕێگەی کەسانی ترەوە لە کلتورە جیاجیاکاندا دەشێ بە چەند شێوازێکی جۆراو جۆر ڕوبدات ، هەنێ کۆمەڵگا هەیە تیایدا هەموو کەسەکان وەک یەک هەڵسوکەوت دەکەن، بەجۆرێک میکانیزمی وەرگرتنی پێوەرەکان تەنها لەسەر لاسایکردنەوەی داب و نەریتەکان وەستاوە.، بەڵام لە هەندێ کۆمەڵگادا ڕێگەی جۆراو جۆر هەیە وەک پرۆسەی فێربوون پێوەرو شێوەکانی کەسایەتی کە لەوانەوە سەرچاوەی گرتوە گۆڕاوە مرۆڤی نوێ دەتوانێ نیشانەو ئاماژە جۆراوجۆرەکان لەسەرجەم خەڵکی کە لە دەوروبەریدا دەژین وەربگرێت. (قەرەچەتانی.کریم شەریف.٢٠٠٩:ل٤٢)

**باسی سێهەم : کلتورو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی**

لەمێژە ئەو پرسیارە کراوە تاک چۆن دەبێتە ئەندامی کۆمەڵگەکەی و تێکەڵ دەبێت و بەردەوام دەبێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش دەبینین لای ( دۆرکهایم ) ئەم پرسیارە سەنتەریزمە چونکە ئەو پێی وایە کۆمەڵگە لە میانەی پێگەیاندن و کۆی پێوەرە کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان لە نێوان ئەندامەکانیدا هاری کاری دەستەبەر دەکات بۆ تاکەکان دەگوازرێتەوە (دونی کوش ،٢٠٠٢:ص٥٦)

(تالکۆت بارسۆنز ) کۆمەڵناسی ئەمریکی دەیەوێت لە نێوان دیدی (دۆرکهایم و فرۆید ) بۆ ئەم پرۆسە کۆمەڵایەتیە هەماهەنگی بکات پێی وایە خێزان کە بەیەکەمین کاری پەروەردەکردن هەڵدەستێت ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت ، هەروەها پێی وایە پەروەردەکردنی تاک لە تەمەنی هەرزەکاریدا کامڵ و تەواو دەبێت، بەو جۆرە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەم دیدەوە کۆمەڵگە دەخاتە پێش تاک و ڕامکردن و تەباکردنی تاک لەگەڵ سیستەمە کۆمەڵایەتیەکەیدا ، تاکیش وەک

بونەوەرێکی نا سەربەخۆ دەردەکەوێت ڕەفتاریشی بریتیە لە دووبارەی ئەو نموونانەی لە منداڵیەوە وەرگیراون (حەسەن، سەمیر ئیبراهیم ،٢٠١١:لا١٧٠).پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوون هەر لە لەدایکبوون و قۆناغی چاودێریکردنی کۆرپەلە دەستپێدەکات ، هەروەک دەزانین منداڵان ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە کەسانی دەوروبەریانەوە. بۆیە دەبێت کەسانی تر خۆراک و پۆشاک و جێگای حەوانەوەیان بۆ دابینبکەن(کوهین،بروس ،٢٠١٠:لا٧٣ )پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوون هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی کلتور هەروەها تاک دەگۆڕێت بۆ کەسایەتی ، کلتور شێوازێکە بۆ ژیانێکی ڕێکخراو لە ناو کۆمەڵدا کە ڕەفتاری تاکەکان دیاریدەکا( عبدالهادی، محمد ،٢٠٠٥:ص٩٢) تمیکانیزمە سەرەکیەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کلتوری لە سێ پرۆسەی یەک لەدوای یەک پێکدێن کە بریتین لە ( داهێنان – پەسەندکردن – پاشان بڵاوبونەوە ) ئاشکرایە کلتور لەسەر بنەمای ئەو کەڵەکە بوانە دروست دەبێت کە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا شێوەیەکی تایبەتی هەیە ، لەبەر ئەوەی بەرێگەیەک دروست دەبێت کە ناگونجێت هەمان ڕێگە لە کۆمەڵگایەکی تردا دووبارە بێتەوە چونکە هەر کلتورێک ڕەسەنایەتیەکی تایبەت بەخۆی هەیە کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین هەموو کلتورێک سروشتێکی تایبەت بە خۆی هەیە ، هەموو مرۆڤێکیش کەسایەتیەکی تایبەتی هەیە(ئەلفتوال،سەلاح مستەفا ،٢٠١٧:ص١٧٣-١٧٤)

**سێ بنەمای سەرەکی هەن بۆ پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەوانیش-:**

١- وەرگرتنی کلتور ٢-تێکهەڵکێشانی کلتور. ٣- گونجان لەگەڵ ناوەندە کلتوریەکان.

**بەکورتی ڕۆڵی کلتور لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی-:**

١-وەرگرتنی بەها کۆمەڵایەتیە باوەکانی ناو کۆمەڵگە.

٢-کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارو تێرکردنی پێداویستیەکان بەپێی ڕێساکانی کۆمەڵ.

٣-فێرکردنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان بەپێی ڕەگەز و پیشە و پلەی کۆمەڵایەتی تاک.

٤-فێربونی شێوازە جیاجیاکانی ڕەفتار ،فێربونی توخمە کلتوریەکانی کۆمەڵ.

٥-گۆڕینی منداڵ لە بونەوەرێکی بایۆلۆژی بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی(عزیز،عزالدین احمد ،٢٠١٢:لا١٤٣)

**دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە:**

**میتۆدی توێژینەوە و هەنگاوە مەیدانییەکان**

یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە وەسفی شیکارییە، ڕێگەی ئامرازی چاوپێکەوتن و تێبینیمان هەڵبژاردووە، کە توێژینەوەکەمان هەوڵدەدات ڕۆڵی کلتور لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵدا بزانێت. توێژەر سوودی لە (میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی )، وەرگرتووە. ئامانج لە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەدەستهێنانی ئەو داتا پێویستیانەیە کەلە ڕێگایانەوە دەتوانین ڕووبەڕووی فاکتەر و لایەنە جۆربەجۆرەکان و کێشەیەك یا خود دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ببینەوەبەپشتبەستن بە چاوپێکەوتن و تێبینی. (عبیدات، ١٩٨٧: ص١٨٨)

دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوە: بریتییە لە قەزای سەیدسادق، (٨) لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکانی سەیدصادق، نمونەی توێژینەوەکەیان لێوەرگیراوە. بەشێوەیەکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار. و بەشێوەی چاوپێکەوتن کە لە ڕێگەی (٧) پرسیارەوە ئامانجەکان بەدیهێنراون.

سێیەم: خستنەڕووی ئەنجامەکانی چاوپێکەوتن و تێبینییەکان و شیکردنەوەیان

لە ئەنجامی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ مامۆستایانی لێتوێژراو سەبارەت بە ئامانجی یەکەممان ( دەرخستنی ڕۆڵی کلتور لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵدا چی کاریگەریەکی هەیە کلتور لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵ) کە (٨) مامۆستا وەرگیرابوون بەنموونە لە کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکانی سەیدصادق سەبارەت بە کلتور لە ڕێگەی پرسیاری ئایا

هەوڵدەدەن کلتور و مێژووی خۆتان بە منداڵەکانتان بگەیەنن؟ چۆن ؟ ) لە وەڵامدا هەریەک لە دکتۆر لقمان محمد احمد مامۆستا و یاریدەدەری ڕاگر لە کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکانی سەیدسادق و هەریەک لە مامۆستایان( مامۆستا رزگار عبدالکریم مامۆستا بەهرۆز بەکر مامۆستا ئەرسەلان توفیق مامۆستا ئامانج علی قادر لە هەردوو بەشی مێژوو جوگرافیا بەم شێوەیە بوو وەڵامەکانیان( بەڵێ هەموو کۆمەڵگەیەک لە چەند خێزان و خێزانیش لە چەند ئەندامێکی بچوک پێک دێت بە پێی قەبارەی کۆمەڵایەتی خێزانەکە بە شێوەیەکی مەبەستدار یان بێ مەبەست هەوڵدەدەن منداڵ فێری مێژووی نوسرا و نەنوسراو و کلتوری کۆمەڵگەکەی خۆیان بکەن وە بیناسێنن بە منداڵەکانیان بۆ نمونە یادکردنەوەی ئاهەنگ و بۆنە نیشتمانیەکانی وەک نەورۆز ،منداڵ وەک پەڕەیەکی سپی وایە چۆنمان بوێت لە ڕێگەی ڕەفتار و کردارەکانی رۆژانەمانەوە کلتوریان بۆ دەگوازینەوە،بەگوێرەی توانا و بیری منداڵ مامەڵە بکەین لە قۆناغی پێش حەوت ساڵیدا کورتەیەک دەربارەی ڕەچەڵەک و زمان و بنەماڵە بە منداڵ ئاشنا بکەین اە دوتی حەوت ساڵی زیاتر کار لەسەر گەیاندنی کلتور و مێژوو بە منداڵان بکرێت،ئەمە دەکرێت لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی پێشینان،فێرکردنی گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردی،ئامادەکردنی منداڵان بۆ ناسینی کەسایەتییەکانی ناو کورد و کارەکانیان هەروەها لە ڕێگەی خواردن و خواردنەوە نەتەوەییەکان و بەکارهێنانی جلوبەرگی کوردیشەوە دەتوانین کلتورمان بە منداڵان بگەیەنین)

سەبارەت بە پرسیاری دووەمان کە (لەگەڵ چی کێشەیەک ڕووبەڕوو بون لە پەروەردەکردی منداڵ بە کلتور و مێژوو؟ سەبارەت بەم پرسیارە هەریەک لە مامۆستایان ( دکتۆر لقمان مامۆستا ڕزگار مامۆستا ئەرسەلان مامۆستا ئامانج ) بەم شێوەیە بوو وەڵامەکانیان(بەشێوەیەکی گشتی ناتوانین هاوسەنگی لە نێوان کلتور و مێژوودا ڕابگرین چونکە ئەمەش پێویستی بە کات و هەندێک جار بە ئامرازی فێرکردن و ڕوونکردنەوە هەیە ڕەنگە زۆر بابەت لە مێژوو و کلتوردا بۆ فێرکردنی منداڵەکانمان پێویستی بە بەشدارکردنی خولێک یان وانەیەکی تایبەت یان دۆزینەوەی ڕێگایەکی پەروەردەیی و فێرکاری بۆ گەیاندنی مەبەستەکەمان بە منداڵ. مامۆستا ڕزگار پێی وایە زیاتر لە تەمەنی هەرزەکاریدا ڕووبەڕووی کێشە دەبینەوە لە گەیاندنی کلتور بە منداڵەکانمان هەروەها م.ئامانج پێی وایە بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆجیا هۆکارە بۆ دروستکردنی کێشە لە گەیاندنی کلتور بە نەوەکانمان،

بەڵام مامۆستا ئەرسەلان بەم شێوەیە بوو وەڵامەکەی کە گرنگترین کێشەکان بەلایەوە بریتین لە کەمی سەرچاوەی خوێندنەوەو پەرتوکی تایبەت بە منداڵان بە زمانی کوردی، هەروەها کاریگەری میدیایی بیانی و کلتوری جیهانی لەسەر منداڵان زۆر جار خێزانەکان خۆشیان زانیاریان کەمە لە مێژوو کلتوری خۆیان یان کات و هەلیان نییە بۆ فێرکردنی منداڵەکانیان جگە لەوەش سیستەمی پەروەردەیی لە هەندێک شوێن پشتگیری ئەم بابەتانە ناکات.)

پرسیاری سێیەم بۆچی گرنگە منداڵ لە بچوکیدا مێژووی نەتەوەیی خۆی بزانێت؟

دکتۆر ( فاروق محمد محمد امین ) پرۆفیسۆری یاریدەدەر و سەرۆک بەشی مێژوو پێی وایە لەبەر ئەوەی منداڵ خاوەنی بیرێکی باشە و ئەوەی لە منداڵیدا فێری دەبێت بە ئاسانی لەبیری ناچێتەوە و پاشان دەبێتە بەشێک لە پەروەردەی تاوەکوو شانازی بە مێژووی و نەتەوەی خۆیەوە بکات و لە ئایندەدا خزمەتی گەل و نەتەوە و خاک و نیشتیمانی خۆی بکات بۆیە پێویستە لە منداڵیدا گرنگی بە ناساندنی کلتور و مێژوو بە منداڵ بدرێت.

هەروەها دکتۆر (لقمان و مامۆستا کامیل) پێیان وایە زۆر گرنگە منداڵ لە بچووکیدا مێژووی نەتەوەکەی خۆی بزانێت چونکە مێژوو ناسنامەیە و کەسایەتی خۆی و نەتەوەکەی و نیشتیمانەکەی و زانینی شانازیەکان و سەرکەوتنەکانی میلەتەکەی بە مندال دەبەخشێت ئەگەر منداڵ لە تەمەنی منداڵیدا مێژووی نەتەوەکەی خۆی فێر نەبێت و خۆی نەناسێت ڕەنگە کێشەی نانسنامەی بۆ دروست بێت و هەست بە فرە ڕۆڵی و فرە ناسنامەی بکات ئەمەش جۆرێک لە لادان و پەیوەست نەبوون بە نیشتمان و کۆمەڵگاکەی خۆی بۆ دروست دەکات ، هیچ خۆشەویستی و لایەنگریەکی بۆ نەتەوەکەی

بۆ دروست نابێت ئەگەر منداڵ لە بچووکیدا مێژووی نەتەوەکەی خۆی بزانێت بەشیوەیەکی باشتر بەها و نرخ بە خاک و نیشتمان و گەلی خۆی دەدات.

پرسیاری چوارەم چیرۆک و گۆرانی کوردی چۆن دەکرێت کاریگەری هەبێت لە سەر پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ؟ هەریەک لە مامۆستایان

دکتۆر (لقمان) پێی وایە : مۆسیقا و گۆرانی و چیرۆکی کوردی کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر پەروەردەی منداڵ، چونکە چیرۆک و گۆرانی یارمەتی دەدات فێری کەلتووی کۆمەڵگاکەی بێت وە هەڵە و ڕاست لە یەکتر جیا بکاتەوە ئەمەش یارمەتی منداڵ دەدات هەست بکات بەشێک لە کلتوور و مێژووی گەلەکەی دەزانێت و هەست بە دڵخۆشیەکی زۆر دەکات و زیاتر پەیوەست دەبێت بە کۆمەڵگاکەی .

مامۆستا (ئامانج) پێی وایە چیرۆکی فۆلکلۆری ڕەهەندی کلتوری و کۆمەڵایەتی هەڵگرتوەو پارێزەری مێژووە بە زمانی سادە نوسراون و منداڵ بەئاسانی وەریان دەگرێت بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی سەربە ئەدەبی منداڵانن واتە بۆ مندال نوسراون، گۆرانی لە ڕێگەی تێکستەکانیەوە کاریگەری لەسەر مندال دروستدەکەن و پارێزەری زمانی نەتەوەین و تییدا ئاماژە بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کەرەستەی کلتوری کراوە.

مامۆستا (کامیل و مامۆستا ئەرسەلان مامۆستا بەهرۆز) بەم شێوەیە بوو وڵامەکانیان چیرۆک و گۆرانی کوردی دەتوانن کاریگەریەکی مەزنیان هەبێت لە پەروەردەکردنی منداڵان کەسایەتییان، چونکە چیرۆک خەیاڵ لەلای منداڵ دروست دەکات خەیاڵیش گرنگە بۆ پێگەیاندنی کەسایەتی منداڵ و بیرو بۆچونەکانی لە داهاتوودا،هەروەها چیرۆک و گۆرانی بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و خۆش ڕەفتاری کۆمەڵایەتی پێدەگەیەنن لە ڕێگەی چیرۆکەکانەوە منداڵ فێری دڵسۆزی، ئازایەتی، ڕاستگۆیی و خۆشەویستی دەبێت هەروەها گۆرانیەکان یارمەتی دەرن بۆ بتەوکردنی زمان و بەرفراوانکردنی فەرهەنگی وشەکان)

پرسیاری پێنجەم پێتان وایە ئەو منداڵانەی کە مێژووی نەتەوەییان دەزانن جیاوازن لە ئەو منداڵانەی کە نایزانن ؟

دکتۆر (لقمان و مامۆستا ئامانج و مامۆستا بەهرۆز) پێیان وایە بە دڵنیاییەوە ئەو منداڵانەی کە مێژووی نەتەوەکەیان دەزانن هەست بە ناسنامە دەکەن کە ئەم ناسنامەش هەستی متمانە کردن لای منداڵ دروست دەکات بە پێچەوانەوە ئەو منداڵانەی کە هیچ لە مێژووی نەتەوەکەیان نازانن کەمتر هەست بە انتیمای نەتەوەی دەکەن چونکە لە بنەڕەتدا هەست بە ناسنامە ناکەن

مامۆستا (ئەرسەلان) بەم شیوەیە بوو وەڵامەکەی بەڵێ منداالانێک کە مێژووی نەتەوەییان دەزانن جیاوازن لە ئەوانەی کە نازانن ئەوان هەست بە شانازی و پابەندی زیاتر دەکەن توانایان لە بریاردانда بەهێزترە و زیاتر لە خۆیان دڵنیان هەروەها لە کاتی ڕووبەڕوو بونەوە لە گەڵ کێشەکاندا چارەسەری لە نموونە مێژوویەکان و کلتورییەکاندا دەدۆزنەوە و توانای لە هاوسەنگی ڕاگرتنی ژیانیدا زیاترە.

پرسیاری شەشەم بۆچی گرنگە منداڵ هەردوو شت بزانن ( کلتوری خۆی و مێژووی وڵاتی لەگەڵ کلتوری جیهانی؟

دکتۆر (فاروق محمد) پێی وایە سەرەتا پێویستە منداڵ کلتور و مێژووی وڵاتی خۆی بزانیت پاشان کلتور و مێژووی وڵاتانی دیکە بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە پەیوەندی و هەماهەنگی و هاوبەشی کلتوری و مێژووی لە نێوانیاندا هەیە و هەروەها ئەو بەریەککەوتنە کلتوری و مێژوویەی لە نێوانیاندا هەیە تاوەکوو سودی لێوەربگرێت بۆ پاراستنی کلتور و مێژووی نەتەوەی خۆی و هۆشیاری بەرامبەر نیاز و چاوتێبرینی ئەو وڵاتانەی تر لە کلتور و خاکی و وڵاتی خۆی و خۆپارێزی لێیان.

هەروەها مامۆستا (ئەرسەلان و هەرێم عبدالکریم و مامۆستا ئامانج) پێیان وایە جگە لە خێزان لە ڕێگای باخچەی منداڵان و قوتابخانە و میدیاشەوە دەتوانرێت کلتور بگوازرێتەوە بۆ منداڵ قوتابخانەو باخچە لە ڕێگای پرۆگرام و بۆنە تایبەتەکان

،میدیاش لە ڕێگەی دانانی بەرنامەی تایبەت لە هەفتەی یەک ڕۆژ یان دوو ڕۆژ بە بەرنامە کلتورێکی ڕەسەنی کوردی پەخش بکرێت بە شیوازی فلیم کارتۆن یان هەر شێوازێکی تر کە منداڵ حەزی لێ بکات.

دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

سەرجەم پێکهاتە مادی و مەعنەویەکان و بۆماوەیی کۆمەڵایەتی پێی دەوترێ کولتور.کلتور لەسەردەمێک بۆ سەردەمێکی دیکەو لە کاتێک بۆ کاتێکی دیکە دەگۆڕێت واتە بەپێی کات و شوێن جیاوازە کلتورەکان. هەموو کلتورێک خاوەنی تایبەتمەندی و هەڵگری سیفاتی تایبەت بە خۆیەتی.کلتور دەگوازرێتەوە لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دیکە بە ڕێگەی جیاواز یەکێک لە ڕێگەکان پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیە کە لە منداڵیەوە دەست پێدەکات.

مرۆڤ لە ڕێگای بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا وێنەی کۆمەڵایەتی خۆی دەدۆزێتەوە. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە خێزانەوە دەست پێدەکات هەروەها دامەزراوەکانی دیکەی وەک قوتابخانە زانکۆ گروپی هاوەڵان....هتد بەکۆمەڵایەتی بوون بەدرێژای ژیانی مرۆڤ بەردەوامە. چەند بنەمای سەرەکی هەن بۆ پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەوانەش ( وەرگرتنی کلتور تێکهەڵکێشانی کلتور ، گونجان لەگەڵ ناوەندە کلتوریەکان-،گۆڕینی منداڵ لە بونەوەرێکی بایۆلۆژی بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ئەمەش لە ڕێگەی کلتورو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە دەبێت.

هەروەها لە لایەنی مەیدانیدا گەشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە پێویستە لە منداڵیەوە کلتور بەهاکان بە منداڵان بگەیەنین ، بەبۆنەی تەکنەلۆجیاوە خێزان و منداڵ ڕووبەڕوی کێشە دەبنەوە لە گەیاندنی کلتور بە منداڵەکانیان، هەر لەبەر ئەوەشە گرنگە مندال لە منداڵیەوە بنەما کلتوریەکانی فێربکرێت، لە ڕێگەی چیرۆک و گۆرانیەوە خەیاڵ بۆ مندال دروست بکرێت بۆنە و کەسایەتی و بەهاکانی ناو کلتوری کۆمەڵگەی بۆ بگوازرێتەوە، چونکە ئەو منداڵانەی ئاشنان بە کلتوری خۆیان وکلتوری دەرەوە باشتر دەتوانن لەگەڵ کێشەکان ڕووبەڕوو ببنەوە و چارەسەری قەیرانەکانی ژیانیان بکەن، خێزان و دامەزراوەکانی دیکەی وەک قوتابخانە و میدیاکان و سەرجەم کایەکانی کۆمەڵگە پێویستە بەشداربن لە گەیاندنی کلتور بەشێوەیەکی ئەرێنی بە منداڵ.

**پێشنیارەکان:**

بە پشت بەستن بە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەم پێشنیارانە دەخەینەڕوو:

١- سەنتەرەکانی توێژینەوە هەستن بە توێژینەوەی زیاتر لەم بوارەدا بە تایبەت کەسانی پسپۆڕ لە بوارە جیاوازەکانی پەیوەست بەم بابەتە.

٢- پێشنیاری لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بۆ دەوڵەمەندکردنی لایەنی تیۆری و پراکتیکی، پێشنیار دەکرێت توێژینەوەی دیکە ئەنجام بدرێت بە شێوازی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری (Comparative Study) لەسەر کاریگەری جیاوازی کلتورەکان (بۆ نموونە: کلتوری شار و گوند، یان نێوان دوو گروپی نەتەوەیی/کۆمەڵایەتی جیاواز)

**ڕاسپاردەکان:**

١- دەزگا حکومیەکان هەستن بەڕۆڵی خۆیان و بە زیاتر ڕونکردنەوەی لایەنە باشەکانی کلتوری کوردی وڕێنمایی بۆ سەرپەرشتیاران لە بواری پەروەردەی منداڵدا.

٢- دەزگا پەروەردەییەکان بە ڕۆڵی خۆیان هەستن وبەرنامەیەکی گشتگیرو هەمەلایەن دابڕێژێت بۆ بواری پەروەردەی منداڵ،خێزانیش وەک دەزگایەکی پەروەردەیی ڕەنگدانەوەی کلتوری تێدا بەدیبکرێیت.

٣- گرنگی بدرێت بە چاودێری و ئاڕاستەکردنی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن (وەک کەناڵەکانی منداڵان، سۆشیال میدیا و بڵاوکراوەکان) بۆ ئەوەی ببنە ئامرازێکی کارا لە گواستنەوەی کلتور و بەها کۆمەڵایەتییە تەندروستەکان، نەک تەنها وەک سەرچاوەی کات بەسەربردن.

**پێرستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردیەکان:**

١- گیدنز ،ئانتۆنی ،٢٠١٦،تیۆری کۆمەڵایەتی هاوچەرخ و سەرمایەداری ، و-ئارام ئەمین شوانی ،بێ ژمارەی چاپ، چاپخانەی ڕۆژهیلات، هەولێر..

٢ کوهین -بروس، ٢٠١٠،سەرەتایەک بۆ کۆمەڵناسی، و- هێمن شەریف ،چاپی یەکەم، چاپخانەی چوار چرا. سلێمانی.

٣- محمد ،کامەران،٢٠٠٧ ، کلتور لە نێوان وەرگرتن و ڕەتکردنەوەدا ، چاپخانەی ڕۆمان ، چاپی یەکەم ، سلێمانی.

٤- ئاشوری، داریوش بێ ساڵی چاپ، کەلتور چیمک و پێناسەکانی، و-کۆسار فەتاحی،چاپخانەی ئەلەند ،چ١ .

٥- شارۆن، جۆیڵ، ٢٠١٠، دە پرسیاری کۆمەڵناسی ، و- هێمن شەریف،چاپخانەی چوارچرا ، چاپی یەکەم ، سلێمانی.

٦- سدیق، فوئاد ، ٢٠١٥،دەرونزانی کۆمەڵایەتی ،بێ شوێنی چاپ، هەولێر.

٧- موحسینی،مەنوچێهر، ٢٠٠٢، دەرزازەکانی کۆمەڵناسی، و- ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانی تر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەن، چاپی یەکەم ، هەولێر.

٨- زێباری،تاهر حەسۆ ،شوانی،محمد حوسین، ٢٠١٣، دەرزازەیەک بۆ کۆمەڵناسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٩- خزاعە ،عبدالعزیز علی و ئەوانی ت،٢٠١٨، دەروازەی کۆمەڵناسی ،و- توانا فریدون ،چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران

١٠-سازگارا ،پەروین، ٢٠٠٣،ئاوڕدانەوەیەک لە کۆمەڵناسی ، و- جەواد مستەفا ستوپەیی ،چاپی یەکەم ،هەولێر ،

١١-ئەلعەولەمە،حاپس -ئامین مزاهیر،٢٠٠٩، دەروونناسی منداڵ و دەروونناسی گەشەکردن، اسماعیل معروف غرج، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک.

١٢- مستەفا ،ئەحمەد تەلار، ٢٠٠٩، دەسەڵاتی بڕیاردان لەخێزانی کوردی دا،نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، سلێمانی.

١٣-قادر،ژیا عباس، ٢٠٠٨، ڕۆڵی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەسەر گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکانی هەرزەکاران، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، سلێمانی.

١٤-حەسەن، سەمیر ئیبراهیم ،٢٠١١،کلتورو کۆمەڵگە ، و- عەبدڵڵا مەحمود زەنگەنە، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک.

١٥-مۆمن، عادل حمە عارف، ٢٠١١، ڕۆڵی گۆڤاری منداڵان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا ، نامەیەکی بڵاو نەکراوەی ماستەرە ، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکان لە زانکۆی سلێمانی.

١٦-مەنسور وسووقی و علی ئەکبەر، ٢٠١٣.، بنەماکانی کۆمەڵناسی، و- سیروان محمد حاجی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

١٧-ئەلفەوال ،سەلاح مستەفا ،٢٠١٧، سیمبولەکانی هزری کۆمەڵناسی هاوچەرخ ، و - توانا فەرەیدون حسێن ،چاپی یەکەم ،چاپخانە هێڤی ، هەولێر.

١٨-ژاژڵەیی، جەلال خلف، ١٩٨٣.، منداڵ لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاریدا ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی حسام.

١٩-ژاڵەیی، جەلال خەلەف، ١٩٨٤، گەشەی منداڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارافاق العربیه، بغداد.

٢٠-کەڵهوڕ، نەوزاد، ٢٠١٠، گەشەکردنی منداڵ ، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی ،دهۆک.

٢١-قەرەچەتانی ،کەریم شەریف، ٢٠٠٩، سایکۆلۆژیای منداڵ و هەرزەکاران،بێ چاپ ،سلێمانی ،.

٢٢-عزیز ،عزالدین احمد،٢٠١٢، بنەماکانی دەرونزانی گشتی ، چاپی سێهەم ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.

٢٣-خلیل، معن، ٢٠٠٧، کۆمەڵناسی خێزان، ئارام ئەمین جەلال، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

سەرچاوە عەرەبیەکان:

٢٤- ابو جادو، صالح محمد علی، ٢٠٠٢، سیکولوجیه التنشئه الاجتماعیه ،الثالثه، دار المثیره للنشر والتوزیع، عمان.

٢٥-نفیدسه، فاطمه، ،٢٠٠٧،العلاقه بین النسق القیمی و الدور الاجتماعی لدی المراه الطارقیه،دراسه میدانیه بمدینه تمنراست،الماجستیر ،جامعه قادی مریاح ورقله.

٢٦-میشل ،دینکن، ١٩٨٠، معجم علم الاجتماع ، ترجمه : احسان محمد الحسن ، دار الرشد ، بغداد.

٢٧-ناصر ،ابراهیم، ١٩٦٦،علم الاجتماع التربوی، الطبعه الثانیه، دار الجمیل ومکتبه الرائد العلمیه، بیروت-عمان.

٢٨- كوش،٢٠٠٢،دونى، مفهوم الثقافه فى العلوم الاجتماعيه،ت- قاسم المقداد، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق
٢٩-ابو خليل ،فاديا، ٢٠١٤، اثر الثقافه و التنشئه الاجتماعيه فى تكوين الشخصيه الفرد ،طبعه الاولى ، دار النهضه العربيه ، بيروت.
٣٠-وصفى، عاطف ، ب- س، الانثروبولوجيا الثقافيه ، دار النهضه العربيه ،بيروت ، لبنان.
٣١-سليم ،شاكر مصطفى، ١٩٨١، قاموس الانثروبولوجيا، طبعه الاولى.
٣٢- الساعاتى ،ساميه حسن ،١٩٨٣،الثقافه و الشخسيه ،دار النهضه العربيه للطباعه و النشر ، بيروت .
٣٣-عثمان، ابراهيم، ١٩٩٩.،مقدمه فى علم الاجتماع ، دارالشروق للنشر والتوزيع، ط ١ ،عمان.
٣٤-دوفرجيه،موريس، ٢٠٠١ ،علم الاجتماع السياسى، ترجمه: د. سليم حداد ، المؤسسهالجامعيهللدراسات والنشر والتوزيع،لبنان، ط٢،بيروت.
٣٥-مرسى، محمد عبدالعبود، ١٩٨٩، الانثروبولوجيا العامه ،دار المعرفه الجامعيه ، ط ١، أسكندريه.
٣٦-عمر، معن خليل، ١٩٩٠، المصطلح الاجتماعى ، مطابع تعليم العالى ، المول .
٣٧-جابر ،ساميه محمد، ١٩٩١، مدخل الى الانثروبولوجيا الاجتماعيه و البقافيه، دار العلوم العربيه ، بيروت.
٣٨-عبدالهادى، محمد، ٢٠٠٥،علم النفس الاجتماعى، ط ١، دار العلوم العربيه ، لبنان.

**سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

39-1-A.R Radcliffe Brown، ١٩٥٢,structure and function in the primitive society, the free press , London .

**ناو نازناوی مامۆستایانی بەشداربووی چاوپێکەوتنی توێژینەوەکەمان**

| ژمارە | ناوی مامۆستا | نازناو | شوێنی ئیش |
|---|---|---|---|
| ١ | فاروق محمد محمد امين | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | سەرۆکی بەشی مێژوو |
| ٢ | لقمان محمد احمد | مامۆستا | یاریدەدەری ڕاگر |
| ٣ | ڕزگار عبدالكريم محمد | مامۆستا | بەشی مێژوو |
| ٤ | كاميل حبيب رشيد | مامۆستا | بەشی مێژوو |
| ٥ | ئەرسەلان ئەفراسیاو | مامۆستای یاریدەدەر | بەشی جوگرافیا |
| ٦ | بهرۆز بكر عثمان | مامۆستای یاریدەدەر | بەشی مێژوو |
| ٧ | ئامانج علی قادر | مامۆستای یاریدەدەر | بەشی جوگرافیا |
| ٨ | هەرێم محمد عبدالكريم | مامۆستای یاریدەدەر | بەشی جوگرافیا |